دەزگای ڕۆشنبیریی شەفەق - کەرکووک
بۆ تەمەنی ٩ تا ١٤ ساڵ
ئەیلوول ٢٠١١
١٥

# حاجیلە

گوڵی حاجیلەکانی دەشتی هاموون
نەکەی بیدەی بە نێرگیز جاری گەردوون
**حاجی قادری کۆیی**



قەلە ڕەشێک لە دارستان ڕایکردووە و لە نێوان ڕووپەڕەکانی ئەم گۆوارەدا خۆی حەشارداوە، تۆی ئازا ئەگەر دۆزیتەوە، ئێمە خەلاتێکت دەکەین.

## بێچووی ئاژەڵان



چوار پەلی کورتم هەن کە چڕنووکیان پێوەیە. ددانەکانی پێشەوەشم درێژن بۆ ئەوەی لە شکاندنی دەنکە فندقدا هاوکارم بن.

دەزانن من بەچکەی کێم؟

دایکم هامستەرە و، ئێمە جۆرە ئاژەڵێکین لە نێوان کەروێشک و مشک و، کلکمان نییە و گوێمان پانە و، بەزۆری بە ڕۆژ دەنوین و شەو بەخەبەرین.

ئا : زەریف



## یوفۆریا پولخریما (پۆنسێتیا)

نازناز شەیدا – کەرکووک



نیشتمانی ئەم گوڵە مەکسیک و ناوچەی گەرمییەکان ئەمەریکای باشوورە.
حەزی لە رووناکیی تەواو و گەرمایەکی مامناوەندی هەیە، ئەوەندە ئاودانیشی بەسە کە تەرایی بگاتە رەگەکانی. هەفتەی جارێکیش پێویستی بە پەین دەبێ.
وەرزی گەشەکردنی ئەم گوڵە بە درێژاییی ساڵ بەردەوامیی هەیە و دەشێ لە هەموو کاتێکدا گوڵ بکا.

## گوڵە کێویلە

ئاراس کەریم – کەرکووک



نیشتمانی ئەم گوڵە کیشوەری ئەفریقیایە. حەزی لە هەتاوە و دەکرێ بە هاوینان لە دەرەوە داینێی.
حەزی لە گەرمای زۆر نییە و بە زستانیش سەرمای پێ خۆشە. بە هاوین دەبێ بەردەوام زەوییەکەی شێدار بێ و بە زستان کەمتر ئاوی پێویستە.
ئەم گوڵە لە وەرزی گەشەدا کە هاوین و پایزە، پێویستە هەفتەی جارێک پەینی بدرێتێ.

## ڕووەکی دیۆ

کەژاڵ کانەبی – هەولێر



نیشتمانی ئەم جۆرە ڕووەکانە خۆرئاوای ناوچە گەرمییەکانی کیشوەری ئەفریقیایە.
ئەم ڕووەکە چەندان جۆری هەیە کە گەڵاکانی خەتخەتن. حەزی لە ڕۆشناییی تەواو هەیە و، بۆ گەرمیش حەزی لە گەرمی هەیە. لە وەرزی زستانیش مت دەبێ و گەشە ناکا.
ئەم جۆرە ڕووەکانە حەزیان لە ئاو هەیە لە وەرزی گەشەکردندا کە لە ناوەڕاستی بەهارەوە تا ناوەڕاستی پایز بەردەوامە و، لەو وەرزەدا هەفتەی جارێک پەینی پێویستە.





## ساڵی تازەی خوێندن

فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی / سلێمانی

ساڵی تازەی خوێندنـــــە
چـــاوو دڵمان ڕۆشنــــــە
ئەمسالیش هەروەکو پار
نەغمە کەوتۆتە سەر زار
لە هەموو لا خۆشـــــی یە
ســــــرود و گۆرانـــــی یە
دیـــاریە خەندەی منـــاڵ
بۆ خوێندنی تازەی ســاڵ
مامۆستـــا: ئێمەی منــاڵ
نەمامی تازەی ئەم ســاڵ
ئامادەین بە دڵ و گیـان
زاخاودەی هەست وبیرمان
پێمان بەخشی بە دیاری
چەپکـــە گوڵی زانیـــاری
تا بـەرۆشناییی خوێنـدن
بەدەست بێنین سەرکەوتن



## زانست

ستار ئەحمەد-کەرکووک

بەوردی لێم بڕوانە
زانست باش و جوانە
باشیی لە ئەنجامدایە
مەرام دێنێتە کایە
جوانیی ڕێزدارت دەکا
ناوت لەناو دیار دەکا
چونکە زانست ژیارە
ناسنامەی تۆ و هەوارە
زانست زاری ئابڕووە
دروشمی ئێستا و زووە
دەبێ بەدوایا ڕاکەی
خۆت ببیتە ئاڵاکەی

## مەتەڵ

عوسمان دەروێش شکور-کەرکووک

لەسەر جادە راوەستاوە
کەڵاوێکی لەسەر ناوە
وەک کۆترباز فیکە دەکات
لاڵ نییە و ئیشارات دەکات
لە سەرما و گەرما وەستاوە
خۆ شێتیش نییە ئەو پیاوە
ئەو بە یاسا و ڕێنمایی
بێ لووتبەرزی و لەخۆبایی
شۆفێرەکانمان فێر دەکات
چۆن بە شەقاما ڕێ بکات
هەڵی بێنە چی کارەیە
وا خەمخۆری ئەم شارەیە

## فەرهەنگی حاجیلە

بێلان - کەرکووک

بیلۆنگ belong

١- تایبەتمەندیی پێی دا، ئەگەر شتێک هی کەسێک بێ ئەم وشەیەی بۆ بەکار دێ.

٢- ئەگەر تۆ بەشێک بی لە کۆمەڵێک یان نەتەوەیەک ئەم وشەیە بۆ دەربڕینی ئەوە بەکار دێ.

٣- ئەگەر شتێک هی شوێنێکی دیاریکراو بێ، کە ئەو شوێنە شوێنی گونجاو بێ بۆی.

بێڵت belt

پشتێن، قایش

بەو شتە دەگوترێ کە لە دەوری قەدی مرۆڤ دەبەسترێ.

بێند bend

چەمایەوە (دەچەمێتەوە)

ئەگەر شتێکی ڕاست هەبوو و تۆ چەماندتەوە ئەوە لە دۆخی ڕاستەوە بۆ چەماوە دەچێ.

بێست best

باشترین

بەو شتە یان بەو کەسە دەگوترێ کە لە هەموو ئەوانەی تر باشتر بێ.

بێتەر better

باشتر

١- ئەگەر کەسێک توانیی لە تۆ باشتر شتێک بکا، ئەوە لەو بوارەدا لە تۆ زیرەکترە.

٢- ئەگەر شتێک لە شتێک بەسوودتر بێ ئەوە لەو باشترە.

٣- ئەگەر نەخۆش بووی و بەرەو چاکبوونەوە دەچووی ئەوە باشتری.

## کۆدی وڵاتان

بەناز بەختیار - چەمچەماڵ

| | |
|---|---|
| ئوستڕالیا | ٠٠٦١ |
| تورکیا | ٠٠٩٠ |
| چین | ٠٠٨٦ |
| ڕوسیا | ٠٠٧٠٩ |
| هیند | ٠٠٩١ |
| یۆنان | ٠٠٣٠ |
| ئۆردن | ٠٠٩٦٢ |
| بەرازیل | ٠٠٥٥ |
| پورتوگال | ٠٠٣٥١ |
| تایلاند | ٠٠٦٦ |

## ناوی کوڕانەی نوێ

شارا ئەحمەد-دارەتوو

ئاڤرین : تۆڵەکردنەوە

ئاکام : دووماهی

ئامۆش : ئارام

ئەرڤاز : هەوراز

ئەمیر: فەرمانڕەوا

ئەودال : هەڵەدا

ئەوێستا: نهۆ

ئێڤار: ئێوارە

باتوڤ: گیایەکە گوڵی سوور دەردەکا

بڕیار: پەیمان



## نێوداران



### ئەنتۆن چیخۆف

ئازاد سابیر - کەرکووک

ناوی تەواوی (ئەنتۆن پاڤلۆڤیچ چیخۆف)ە لە ٢٩ی کانوونی دووەمی ١٨٦٠ لەدایک بووە، پزیشک و نووسەری شانۆگەری و چیرۆک بووە. لە نێو نووسەرە ڕووسەکاندا بەیەکێ لە باشترین نووسەرانی کورتەچیرۆک دەژمێردرێ. سەدان کورتەچیرۆکی نووسیوە کە زۆربەیان بەداهێنانی هونەری کلاسیک دادەنرێن و، شانۆگەرییەکانی کاریگەریی زۆریان بەسەر درامای سەدەی بیستەوە هەبووە. لە بارەی پزیشکی و چیرۆکنووسییەوە دەڵێ «پزیشکی هاوژینمە و ئەدەب خۆشەویستمە».

چیخۆف هەر لە منداڵییەوە عاشقی شانۆ و ئەدەب بووە، کاتێ لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا چووە بینینی (ئۆپێرای هیلینی جوان) کە باخ نووسیویەتی.

چیخۆف چوار شانۆگەریی مەزنی هەن بە ناوەکانی (نەورەس، مام فانیا، سێ خوشکەکە، بێستانی گێلاس) کە بە شێوازی نوێ دەرهێنراونەتەوە.

لە ١٥ی تەمووزی ١٩٠٤ چیخۆف سەری نایەوە.



### ئەدۆنیس

کوردە قارەمان - چەمچەماڵ

ئەدۆنیس، شاعیرێکی سوورياییە و، ناوە تەواوەکەی (عەلی ئەحمەد سەعید ئیسبەر)ە لە ساڵی ١٩٣٠ لە گوندی قەسابین سەر بەشارۆکەی جەبەلە لە سووریا لەدایک بووە. ساڵی ١٩٤٨ ناوی (ئەدۆنیس)ی لە داستانی ئەدۆنیسی فینیکی بۆ خۆی وەرگرتووە و بەمەش لە کولتووری ناوی عارەبی لای داوە. ساڵی ١٩٤٤ لە بواری فەلسەفە لە زانکۆی تەرتووس پسپۆڕیی وەرگرت. ساڵی ١٩٧٣ دکتۆرای لە ئەدەب وەرگرت لە زانکۆی قەشە یووسف لە لبنان.

نامەی دکتۆراکەی کە بەناوی (جێگیر و گۆڕاو) بووە مایەیە مشتومڕێکی زۆر. چەندان خەڵاتی جیهانیی وەرگرتووە لەوانە خەڵاتی مەزنی برۆکسل (١٩٨٦) و دواتر خەڵاتی کەزیی زێڕینی کۆماری مەکدۆنیای لە ١٩٩٧ وەرگرت لەگەڵ چەندانی خەڵاتی تری جیاجیا لە وڵاتانی دنیا. بەرهەمەکانیشی بۆ ١٣ زمانی دنیا هاتوونەتە وەرگێران.

جگە لە شیعر و ڕەخنەیش، ئەدۆنیس دەستی باڵای هەیە لە نیگارکێشی بەتایبەتی لە بواری کۆلاج.

# ڕاوچییە دڵڕەقەکان

ئەحمەد سەلام-سلێمانی

لە چۆلەکەکانی دەشــتی (هەواران) وایە ئەم ژیانی ئاسوودەیی و بێ ترس و خەمەیان تا ســەر هەروا دەبێ و کەس ناتوانێ لە زێدی خۆیان و باو و باپیرانیان حەیشــیان پێ تاڵ بکات!

نەخێر لەپڕ ئەم خەون و خەیاڵەیان بەباداچوو، بەتایبەتی ئەو کاتەی کە کۆمەڵە ڕاوچییەک بە شــوێنی چۆلەکەکان ئاشــنا بوون، ئیتر ئەم باڵندە بەستەزمانانە لە تاوانا نەیاندەزانی چۆن خۆیان تا لە چنگی ئەم ڕاوچییانە ڕزگاریان بکەن.

ڕۆژێکیان یەکێ لە ڕاوچییەکان ســیرەی لە پۆلێ چۆلەکە گرت و ژمارەیەکی لێ خستن، ئیتر هەر چۆلەکەیەکی بگرتایە خێرا باڵەکەی لێ دەکردەوە و دەیخستە ناو تورەکەیەکەوە.

هــەر ئەو ڕۆژە لەناکاو ڕەشــەبایەک هەڵیکــرد و ئیتر چاو چــاوی نەدەبینی، یەکێ لە ڕاوچییەکان لەتاو گەرد و تەپوتۆزی ڕەشــەباکە هەردوو چاوەکانی پڕ بوون لە خۆڵ لە عەزرەتا خورخور فرمێسک بەچاوەکانیا دەهاتنە خوارێ!

یەکێ لە چۆلەکەکان کە ئەم دیمەنەی بینی ڕووی کردە هاورێکەی و وتی:

– بڕوانە هاورێ ئەم ڕاوچییە چەند دڵ نەرم و هەســت ناسکە، ئاگات لێیە چەند بەزەیی بەحاڵ ئێمەدا دێتەوە، ئەوەتا لەتاو ئێمە دەگری و فرمێسک بەچاویا دێتە خوارێ.

چۆلەکەیەکی هاورێی وەڵامی دایەوە و وتی:

– کــوڕی باوکم ئەوەندە ســاویلکە مەبە، ئــەوە بۆ من و تۆ ناگرێ، ئــەو دڕندەیە لەتاو گەردی تەپ و تۆزی ڕەشەباکە فرمێسک بە چاویەوە ناوەستێ نەک ئێمەی داماو!

ئینجا چۆلەکەکەی تر بەدەم تەریقییەوە وتی:

– وەڵڵا بڵێم چی؟ بیســتوومە دەڵێن مرۆڤ جارجارە سۆز و هەستی سەردەکا و دڵی بۆ لێقەوماوان قولپ دەدا.

جارێکی تر هاورێکەی هەڵیدایەوە و گوتی:

– برا بە فرمێســکەکانی چاوی لالۆی ڕاوچی هەڵمەخەڵەتێ، وەرە بڕوانە چەند دڵڕەقانە باڵمان دەشکێنێ و دەمانخاتە ناو توورەکەکەیەوە.

ئێستا ئەو لە ناخی دڵییەوە قاقا دەتریقێتەوە من و تۆش دەبێ نزای ئەوە بکەین ئەو تیغەی دەیکاتە سەر ملمان هێندە کول نەبێ تا هیچ نەبێ بەبێ ئازار پێشوازی لە مەرگ بکەین.



# کە رۆبۆت شەکرلەمە دروست بکا

ئا: ئارام حەبیب




نا نا حـــەز ناکەم تامی بکەم
نەنــە بەخێــر بێــی، فەرموو تامی بکە
ئای کە خۆشــە، دانەیەکی تریشم بدەرێ
بەڕاســتی خۆشە، هی ترم دەوێ...




ئۆی ئەوە چییە؟
خوایە چی دەبینم!
بڕوا ناکەم!!
ڕۆبـۆت، ئـەوە چیت کردووە؟
ڕۆبۆتێکــی گێلی ئەم هەموو شەکرلەمەیەت بۆ چییە؟
قەینــاکا، بەســەر د ر ا و ســێکا نما نا دابەشی دەکەین...
چــی لــەم هەموو شــە کر لە مە یە بکەین؟
شەکرلەمەیەکی خۆش و بەســوودە و شایانی ئاهەنگە.



## لە ئێوە پرسیار لە ئێمە وەڵام

گوڵەباخ - کەرکووک

هاوڕێمان گۆران کەریم دەڵێ: زۆر حەزم لە کۆمپیوتەرە و لەماڵەوە کۆمپیوتەرێکی تایبەت بەخۆمم هەیە. ڕۆژانە ٣-٤ کاتژمێر خەریکی کۆمپیوتەرم، بەڵام ماوەیەکە هەست بە بژانەوەی چاو و ئازارێک دەکەم لە بڕبڕەی پشتم. ڕێنماییم بکەن چی بکەم باشە؟

حاجیلە: کۆمپیوتەر یەکێکە لە ئامێرە بەسوودەکانی ئەم سەردەمە و منداڵانمان لە بەراییی تەمەنیاندا ئاشنای بوونە. زۆربەشیان لە ماڵەوە هەیانە و چەند کاتژمێرێک بەکاری دەهێنن. ئەم چاو برژانەوە و پشت ئێشەیەش یەکێکە لە زیانەکانی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بە شێوەیەکی نادروست، بۆیە ئامۆژگاریت دەکەین، پێڕەوی ئەم ڕێنماییانەی «حاجیلە» بکەی:

یەکەم: بۆ کەمکردنەوەی [illegible]ی فلتەرێک بۆ مۆنیتەری کۆمپیوتەرەکەت دانێ، یان چاویلکەیەکی ڕەش لە چاو بکە.

دووەم: ١٠ خولەک جارێک چاوەکانت بنووقێنە و بیلبیلەی چاوەکانت بەرەو سەرەوە و خوارەوە و ڕاست و چەپ بجوولێنەوە. بەم کارەت وەرزشێک بە دەمارەکانی چاوت دەدەی و لە هەمان کاتدا پشوویەکیشە بۆیان.

سێیەم: بۆ حەسانەوەی بڕبڕەی پشتیشت، ٢٠ خولەک جارێک کۆمپیوتەرەکەت جێبێڵە و لە نزیک مێزی کۆمپیوتەرەکە پیاسەیەکی ٥ خولەکی بکە و کەمێک خۆت بۆ خوارەوە بچەمێنەوە و ڕاست بەرەوە، ٣-٤ جاران ئەم کردارە دووبارە بکەرەوە، ئیتر هەست بە ئازاری پشتت ناکەی.

## چۆن مرۆڤ لە شێوەی تەوقەکردنەوە دەناسیتەوە

حەمەشەریف ئاورەحمان - سلێمانی



جۆری تەوقەکردن تا ڕادەیەک ڕەنگدانەوەی کەسێتیی ئەو کەسەیە کە تەوقەی لەگەڵدا دەکەی، بۆیە مرۆڤی ژیر دەتوانی لە شێوەی تەوقەکردنەوە کەسێتیی بەرامبەرەکەی بخوێنێتەوە.

بۆ نموونە ئەو کەسەی لە کاتی تەوقەکردندا دەستی شلە، کەسێکە بەڕادەیەکی کەم بڕوای بەخۆی هەیە.

ئەو کەسەشی بە توندی دەست دەگووشێ و زیادەڕۆیی دەکا لەوەدا، هەوڵ دەدا بەمە وات پێ پیشان بدا کە بڕوای بەخۆی هەیە بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە.

هەر کەسێکیش بە گەرمی و بەشێوەیەکی ئاسایی تەوقە بکا کەسێکە بڕوای تەواوی بەخۆی هەیە.



## ددانەکانت باشتر بپارێزە

کامیل سادق - قادرکەرەم



سەرەتا دەبێ باشترین فڵچە بۆ ددان شوشتن هەڵبژێری کە نەرمترین فڵچەیە، چونکە ڕۆڵی هەیە لە لابردنی بەکتریای سەر ددان. تۆژینەوەکان سەلماندوویانە کە فڵچەی نەرم زیان بە توێژی مینای ددانەکان ناگەیەنێ و لە هەمان کاتدا بەباشی پاکی دەکاتەوە.

تا ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەک نییە بۆ زانینی باشترین جۆرەکانی هەویر (معجون)ی ددان شوشتن بەڵام گرینگە ئەو هەویرەی بۆ ددان شوشتن بەکاری دێنی مادەی فلۆرایدی تێدا هەبێ کە ددان بەهێز دەکا و ڕێگرە لە کلۆربوون.




## بۆنخۆشکەرەکانی ماڵ

هەستی بارام - خانەقین

کەم کەس هەیە لە ماڵەوە بۆنخۆشکەر بەکار نەهێنێ، بۆ ئەوەی ژوور و ماڵ و خانووەکانیان بۆنخۆش و پاکژ کەنەوە. بەڵام نازانن توخمێکی تر بۆ پیس بوونی هەوای ماڵەکانیان زیاد دەکەن، بەمەش وەکو ژەهر بڵاو بکەنەوە وایە ، چونکە هەندێک جار دەبێتە هۆی هەژاندنی باری تەندروستیی لووت و سییەکان و بارگرژیی کۆئەندامی دەمار و هەستیاری، یان دڵتێکچوون یان سەرئێشە، ئەوە جگە لەوەی کاریگەریی هەیە بۆ ئافرەتی دووگیان و کۆرپەلەکەی بۆیە پێویستە بەهیچ شێوەیەک بەکار نەهێنرێت.



## حوشتر

هیوا ئەمین

گیاندارێکی زۆر هێمن و گوێڕایەڵ و لەسەرخۆیە، هەندێـــک جار بە کەشـــتیی بیابان نـــاو دەبرێت، چونکـــە زۆر بەکەڵکە بۆ کـــەش و هەوای بیابان و توانایەکـــی زۆری هەیـــە بـــۆ بەرگەگرتنی بێ خواردنی و بێ ئاوی، نیشتمانی ڕاستەقینەی ئەم ئاژەڵە کیشوەری ئاســـیایە و لە وڵاتانی عەرەبدا زۆر گرنگیـــی پـــێ دەدرێت جگە لە گواســـتنەوە سوود لە ســـەرجەم بەرووبوومەکانی تری وەک گۆشت و شیر و تووک وەردەگیرێت.

حوشـــتر توانـــای هەیـــە نزیکـــەی ٢٥٠ کیلۆگرام قورســـایی بار بۆ ماوەیەکی زۆر هەڵگرێت، تەمەنی ئەم گیاندارە نزیکەی ٥٠ ساڵ دەبێت و کەم جار هەیە ئەو تەمەنەی تێپەڕاندبێت.

خواردنی ســـەرەکیی گژوگیایە، توانای هەیە خواردنی زۆر دڕکاوی بخـــوات بەجۆرێک کە هیـــچ گیاندارێکی تر توانای نەبێت بیخوات بۆ نموونە حوشترالووک و توانای هەیە لە کاتی تینوێتیدا نزیکەی ١٣٦ لیتر ئاو بخواتەوە.



## هێستر

نەوزاد حەمەعەلی- پردێ

ئێستر یان قاتر وەکو هەموو گیانلەبەرەکانی تر نێر و مێیان هەیە. بە مێیەکانیان دەگوترێت: ماچە بەڵام نە نێری بۆ فەحل و نە ماچەی بۆ سکوزا بەکار نایەن. تەنیا بۆ کشتوکاڵ و بارەبەری بەکاردێت. ئێستر دایکی ماینە و باوکی نێرەکەرە. بەپێچەوانەشەوە دەبێت بەڵام ئەم جۆرەیان پێی دەگوترێت هێسترە گاییلکە، یان بارگیر و لەوەی تریان بچووکترە و دایکی ماکەر و باوکی ئەسپە.



## کەنگەر

جەمال عەلی- هەڵەبجە

کەنگەر لە پێشەوە دەستی کورتە و دەستەکانی چڕنووکیان هەن و هەردوو قاچیشیان زۆر درێژن و ١٠ پەنجەی پان و گەورەی هەیە. بەیارمەتیی قاچە بەهێزەکانی دەتوانێت لە ٣ مەتر بۆ ٤ مەتر باز بدات. هەروەها کەنگەر ماندوویەتیی خۆی لەسەر کلکە درێژەکەی دەردەکات، کەنگەر توورەگەیەکی هەیە لەنێوان هەردوو قاچی دواوەیدایە. بە خوری داپۆشراوە و ئەمەش وا دەکات شوێنی بێچووەکەی گەرم و پارێزراو بێت. ئەو توورەکانە بۆ ئەوەن کە بێچووی کەنگەر لەدایک دەبێت زۆر لاواز و بێ دەسەڵاتە. جا گەرمی و خۆشیی ئەو شوێنە وادەکات بێچووەکان بە سانایی جێی نەهێڵن و بە درێژایی شەش مانگ تا تەواو فێری ڕۆیشتن و ڕاکردن دەبن و گەورە دەبن، هەروەها لە کاتی مەترسیدا دایکەکان بەقەپ بێچووەکانیان هەڵدەگرن و لە کاتی ڕاکردندا بێچووەکانیان لە دەمیانەوە بەردەدەنە نێو گیرفانەکانیان.





## تاوس

ڤارین کاروان

تـــاوس باڵندەیەکـــی جوانە، پێش دوو هەزار ســـاڵ،لە لایـــەن مرۆڤـــەوە ناســـراوە، نیشـــتمانی ســـەرەکیی دارستانەکانی ئاســـیا و ئەفریقیایە، بەڵام لە ژمارەیەکی زۆری ناوچەکانی دیکەی جیهان بڵاو بوونەتەوە.
تاوس بەوە ناسراوە کلکی گەورەیە و شێوەی (باوەشێن) هەیـــە، پەڕەکانی ڕەنگاوڕەنگن، لـــە ژمارەیەک ڕەنگ پێکهاتووە.



## چیرۆک

## ئاکامی میهرەبان

سارا حەمید

کاتێ لە نانەواخانە نانم کڕی و بۆ ماڵەوە هاتمەوە، لەو کاتەدا کە لە شەقامەکە دەپەڕیمەوە، بینیم پیاوێکی نابینا گۆچانێکی بەدەستەوە بوو، وا لە شۆستەکە دەپەڕییەوە، زۆر گوناه بوو، بەزەییم پێیدا هاتەوە، دەستی مامە پیرەکەم گرت و وتم مامە پیرە گیان با بتپەڕێنمەوە، کە پەڕاندمەوە، مامە پیرە زۆر سوپاسی کردم و، پاشان پرسیارم کرد، مامە حاجی بۆ تۆ هەر خۆتی، وتی من کەسم نییە شەوانە لە شۆستە و شەقامەکان دەنووم، وتم مامە پیرە گیان با ئەم نیوەڕۆیە بتبەمەوە بۆ ماڵی خۆمان، وتی نا ڕۆڵە گیان ئەبمە ئەرک بۆ ئێوە، وتم نا مامە گیان ئێستا ئەڕۆینەوە بۆ ماڵەوە، دوای ئەوەی کە نانی نیوەڕۆمان خوارد مامە پیرەکە زۆر سوپاسی کردین لە دواییدا بە منی وت ئاکام گیان هیوادارم هەمیشە ئاوا یارمەتیی خەڵکی بدەیت.

# هاوڕێیانی حاجیلە













## مافەکانتان

ناز نەبەز



کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٥٩دا ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵانی بڵاوکردەوە و زۆربەی وڵاتانی دنیا دانیان بە ناوەڕۆکی بڕگە و مادەکانیدا ناوە و عێراق یەکێکە لەو وڵاتانە.

«حاجیلە» بۆ ئاشناکردنی ئێوەی ئازیز بە ناوەڕۆکی ئەم ڕێککەوتننامەیە، لە هەر ژمارەیەکدا ٣ مادەی ئەم ڕێککەوتننامەیەتان بۆ بڵاودەکاتەوە. تا بە ئاگا بن لە پێشێلکردنی مافەکانتان لە سنووری خێزان و کۆمەڵگە و دەوڵەتدا.

**مادەی ١ :**

منداڵ، ئەو مرۆڤەیە کە تەمەنی نەگەیشتبێتە ١٨ ساڵان.

**مادەی ٢ :**

پێویستە دەوڵەت هەموو مافەکانی منداڵ بەبێ جیاوازیی ڕەگەز، ڕەنگی پێست، ئاین، زمان، نەتەوە و لایەنی سیاسی دابین بکات. هەروەها پێویستە دەوڵەت منداڵ لە توندوتیژیی ناو خێزان بپارێزێ.

**مادەی ٣ :**

پێویستە دەوڵەت بەرژەوەندییە باڵاکانی منداڵان بپارێزێ و چاودێریی تەندروستییان بۆ زامن بکا، بە ڕەچاوکردنی مافەکانی باوک و دایکیان.



## هونەری کاریکاتێر

هێرۆ قاسم- حەسار



سەرهەڵدانی هونەری کاریکاتێر دەگەڕێتەوە بۆ چاخە کۆنەکان و چەند نموونەیەکیان دۆزراونەتەوە، کە لەسەر گەڵای زەل کێشراون، مەبەست لەم هونەرەش تەنیا ئەوە نییە کە وا لە خەڵک بکا پێبکەنن، بەڵکو پەیامێکی مرۆییانەی هەیە و ئامانجی ئەوەیە کەموکورتی و دیاردە نامۆکانی کۆمەڵگە بە شێوازێکی تەنزئامێز بخاتە ڕوو.

ئەو گەڵایانەی دۆزراونەتەوە کاریکاتێری زۆر سەرنجڕاکێشیان لەسەر کێشراوە، بۆ نموونە شێر و مامزێک لە بەرانبەر یەکتریدا دانیشتوون و یاریی شەترەنج دەکەن! ڕێوییەک بووەتە شوانی ڕەوە قازێک! گورگێک شمشاڵ دەژەنێ و ڕانە بزنێک گوێی لێ ڕادەگرن!

لە سەردەمی نوێشدا هونەری کاریکاتێر لە ساڵی ١٥٨٥ و لە ئیتاڵیا سەری هەڵدا و (ئەنیبال کاراچی) بە پێشەنگی ئەو هونەرمەندانە دادەنرێ کە توانیی بەهۆی وێنەکانییەوە بزە بخاتە سەر لێوی تەماشاکارانی و زۆر کەس پێیان وایە وشەی کاریکاتێر لە ناوی ئەم هەنەرمەندەوە داتاشراوە.

لە سەردەمی ئێستاشماندا کاریکاتێریستە کوردەکان بوونی خۆیان سەلماندووە و هەر لە شارەکەی خۆماندا ژمارەیەک هونەرمەندی بە توانامان هەیە و لە زۆربەی بڵاوکراوەکانی کەرکووک و کوردستاندا بەرهەمەکانیان بڵاو دەکرێنەوە.

## کۆمپیوتەر

ماردین – سلێمانی

### ئینتەرنێت



ئینتەرنێت ، گرنگترین خزمەت گوزارییە کە ڕێگای ئامێری کۆمپیوتەرەوە سوودی لێوە وەردەگیرێت .

تۆڕی ئینتەرنێت بریتییە لە بەستنەوەی تەواوی کۆمپیوتەرەکانی جیهانی بە سێرڤەرەوە( ئامێرێکی کۆمپیوتەری زۆر زەبەلاح ) و لەو ڕێگەیەشەوە زانیاریی دەستەبەر دەکرێت و هەروەها دەتوانیت پەیوەندی بە ئامێرەکانی تری جیهان بکەیت لەهەر شوێنێکی جیهان بێت .



## پێبکەنە تا جوانتر بیت

### ڕەزیل

کرمەک کاروان-پردێ

جارێک پیاوێکی ڕەزیل دەچێتە چێشـتخانەیەک و نان دەخوات لەو کاتەدا هاوڕێیەکی بەسـەریدا دەدات و پێی دەڵێت: ئـەوە چی دەکەیت، پیاوە ڕەزیلەکـەش لـە وەڵامـدا دەڵێت: نامبینی سەرم دەتاشم.

### خاولی

مامۆسـتایەک بـە قوتابییەک دەڵێت: slow یانی چی؟ قوتابییەکە لە وەڵامدا دەڵێت واتە خاو.
مامۆسـتاکە جارێکی دی پـێی دەڵێت: کەواتە slowly مانای چییە؟ قوتابییەکە پـاش کەمێـک بیر کردنـەوە دەڵێت: خاولی.

### گێل

گێلێـک لەناو بـازار دایکی لێ ون دەبێت، لە پیاوێک دەپرسـێت: مامە ژنێکت نەبینیوە منی لەگەڵ بم.



## توانجێکی جوان بۆ ئەم وێنەیە بدۆزەوە

بەهرۆز سەلام - سلێمانی



### دیمانە

# ئیناس قاسم: ئەو ڕۆژەی دوور بم لە کەمانجەکەم هەست دەکەم هاوڕێیەکی ئازیزم لێ ون بووە

دیمانە: سارە سەلیم



لە ئاهەنگی خەڵاتکردنی قوتابییە یەکەمەکانی کەرکووکدا ئیناس قاسم بە کەمانجەکەیەوە ئاهەنگەکەی ڕازاوەتر کردبوو و لەتەک هاوڕێکانیدا ئاواز و سروودی خۆش خۆشیان دەژەنی.

«حاجیلە» لە دیمانەیەکی کورتدا ئەم پرسیارانەی ئاراستەی ئیناس کرد:

***لە چ قۆناخێکی خوێندنـدای و چۆن دەتوانی هاوسەنگیی نێوان خوێندن و هونەرەکەت ڕابگری؟***

پۆلی یەکەمی ناوەندیم لە ناوەندیی پێشکەوتنی کچان. دەمێکە خولیای کەمانجە ژەنینم، بەڵام نەمهێشتووە ئەم خولیایە کار لە خوێندنەکەم بکا و هیچ کامێکیانم فەرامۆش نەکردووە. هەر کاتێک لە خوێندن دەبمەوە دەست دەکەمە کەمانجە ژەنین.

***چەند ساڵە ئاشنای ئەم ئامێرە بوویتە و ڕۆژانە چەند سەعات پرۆڤە دەکەی؟***

٣ ساڵە کەمانجە دەژەنم و ڕۆژانە ٢ سەعات پرۆڤە دەکەم.

***کێ سەرپەرشتیت دەکات و مامۆستای یەکەمت کێ بوو؟***

مامۆستا سیروان عومەر ڕێنماییمان دەکا و مامۆستا فەتاح مەجید لە کازیوەی منداڵپارێزی کوردستان سەرپەرشتیی پرۆڤەکانم دەکا و ئەو فێری ژەنینی کردم.

***توانای بەشداریکردنی فیستیڤاڵە هونەرییەکانت هەیە؟ تا ئێستا بەشداریت تێدا کردوون؟***

لە خۆم ڕا دەبینم کە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق بەشداری لە فیستیڤاڵە هونەرییەکاندا بکەم و تا ئێستا لە چەندین چالاکیی قوتابخانەکان لە کەرکووک بەشداریم کردووە .



ناو: باهۆز سالار

تەمەن: ١٣ ساڵ

پۆلی دووی ناوەندی قوتابخانەی پشکۆ

ئارەزووی چی دەکەیت: زۆر حەزم بە وەرزشە بەتایبەتی تۆپی پێ.

حەز دەکەی لە داهاتەودا ببی بە چی: حەزدەکەم ببم بە سایەق تەیارە.

ئایا کتێب دەخوێنیتەوە؟ بەڵێ بەتایبەتی کتێبی مێژوویی.

گۆڤاری منالان دەخوێنیتەوە؟ بەڵێ بەتایبەتی گۆڤاری حاجیلە.

# گەردوون

## نهێنییەکانی گەردوون لە چاخە بەراییەکاندا

### ( بەشی سێیەم )

گزنگ –کەرکووک

مرۆڤی چاخە بەراییەکانی مێژوو، بە تایبەتیش بابلی و یۆنانییەکان زۆر سەرنجی دیاردە سروشتییەکانی ئاسـمانی دەوروبەری خۆیان داوە و بە پێشـەنگی گەلان دەژمێردرێن لە پۆلین کردنی ئەستێرەکان و یەکەمین کەس بوونە بە ئەسـتێرە گەڕۆکەکانیان گوتووە، هەسـارەکان. دانیشتووانی کۆنی وڵاتی میسـریش وای بۆ دەچوون کە ڕووداوەکانی گەردوون بوونەتە سەرچاوەی ئیلهامی دروست کردنی ئەهرامەکان.

لە ڕاستیشدا ئەم گەلانە هیچیان لە بارەی گەردوون نەدەزانی و زۆر بیردۆزیان لەسەر بنەمای زانیاریی هەڵە دارشتووە و زانایانی دوای خۆیان ڕاستیان کردوونەتەوە.



یەکێکـی تر لەو بیـردۆزە هەڵانە ئەوەبوو کـە وایاندەزانی، زەوی رووتەختێکی گەورەیە. بەڵام ئەرستۆ ئەو هەڵەیەی ڕاست کردەوە و گوتی: ژمارەی ئەو ئەستێرانەی شەوان لە ئاسماندا دەیانبینین بەندە بەو شوێنەی تەماشاکاری تێدا دەژی، بۆ نموونە: ئەستێرەی سیوەیل کە لە وڵاتی میسردا دەبینرێ، لە یۆناندا نابینرێ. ئەمەش ڕوونادات تەنیا مەگەر شـێوەی زەوی گۆیی بێت. دیارنەمانی کەشتییەکانیش لەنێو دەریادا و بزربوونیان لەبەر چاوی تەماشاکاراندا بەڵگەیەکی تری گۆییی زەوییە.





# سینەما

بەهرە جەبار – سلێمانی



## سەنافر

گارگامێلـی جادوگـەر ، لـە هەوڵدایـە بۆ دەرکردنی سـەنافرە شـینەکانی لە گوندەکانیاندا .

سەنافرە شـینەکان لە ڕووبەڕوویەکی بەردەوامدان دژ بە جادووە ڕەشـەکانی گارگامێـل ، بە دوای چارەسـەردا روو دەکەنە دارسـتانێکی جادوویی بەڵام ، دەبێت پێش ئەوەی گارگامێلی جادووگەر دەستبەسـەر گۆندەکەیـان بگرێـت ، بگەڕێنەوە بۆ واری خۆیان .

ئایـە دەتوانن لـە کات و سـاتی خۆیدا بگەڕێننەوە بـۆ گوندەکانیان و تەواوی پیلانەکانی گارگامێلی جاووگەر پوچەڵ بکەنەوە ؟

ئـەم فلیمە توانیـی بڕی ١٣٧ ملیۆن دۆلار کۆ بکاتەوە.

دەرهێنان : راجا گۆسنێڵ .

نواندن : هانک ئازەریا ، کاتی پێری .



## تاقیگەی حاجیلە

٦

### فڕنی هەتاوی

ناز کەریم - تەکیە



**هەنگاوی یەکەم :** دەفرێکی گەورە ئامادە بکە و ڕووی ناوەوەی بە کاغەزێکی ئەلەمنیۆم داپۆشە. پارچە هەویرێک یان هەویری شووشە لە ناوەڕاستی دەفرەکە دانێ.

**هەنگاوی دووەم :** پارچە نوقڵێک بنووسێنە قەد چیلکە دارێکی باریک و هەردووکیان لە هەویرەکە بچەقێنە.



**هەنگاوی سێیەم :** سەری دەفرەکە بەنایلۆنێکی ڕوونی داپۆشینی خۆراک داپۆشە و دەفرەکە بخەرە بەر هەتاو.

**هەنگاوی چوارەم :** چەند بەردێک بخەرە ژێر بنکی دەفرەکە و بەجۆرێک رایگرە کە ڕووی ناوەوەی دەفرەکە ڕاستەوخۆ ڕووی لە خۆر بێت، ١٥ خولەک لەبەر هەتاوەکە بەجێی بێڵە و بزانە چی ڕوودەدات؟

چی ڕووی دا؟

سەرپۆشە ڕوونەکەی سەر دەفرەکە ڕێگە بەتێپەڕبوونی تیشکی هەتاو دەدا بچێتە دەفرەکەوە. لە هەمان کاتیش لەنێو دەفرەکە قەتیسیان دەکا.

کاغەزە ئەلەمنیۆمەکە گەرمی و ڕووناکی ئاراستەی پارچە نوقڵەکە دەکات و پلەی گەرمیی بەرز دەکاتەوە. هەوای نێو دەفرەکەش لە دەفرەکەدا قەتیس بووە و بەرە بەرە گەرم دادێ و نوقڵەکە دەتوێنێتەوە. دەتوانیت لە بری نوقڵەکە خۆراکیش بەکاربێنی و بەم وزەیە بیکوڵێنی.

## ماڵداری

- بۆ هەڵگرتن و بزرنەبوونی دەرزییەکان، پارچە سابوونێکی بۆنخۆش بێنە و دەرزییەکانی لێ بچەقێنە و لە قوتووەکەدا هەڵیگرە. بەم کارە دەرزییەکانت لێ بزر نابن و بە ئاسانتر بە پەڕۆکەدا هاتوچۆ دەکا.
- پارچە قوماشێک بە سپرتۆ تەڕ بکە و کەرەستە پلاستیکییەکانی پێ بسڕەوە، دوای ١٥ خولەک و بە پارچە پەڕۆیەکی وشک دووبارە بیسڕەوە، چونکە سپرتۆ زیانی بۆ پلاستیک نییە و یارمەتیدەرە بۆ لابردنی پەڵە.

ئاشتی عەبدوڵڵا - کەرکووک

## حەوت جاران بەبێ وەستان بیڵێرەوە

**سەلاح سلاوی لە سالح کرد .**

ئەژی عوسمان - کەرکوک



## هەنار

سەفین عەلی - پردێ



هەنار میوەیەکی پایزەیە و گوڵی سوور و سپیی هەیە و بەرەکەی سوور و زەرد و زەردی مەیلەو سوورە، لە ناو بەرەکەدا سەدان دەنکی ئاودار هەیە کە ناوکێکی ڕەقیان هەیە.

داری هەنار دارێکی تەمەندار و نیشتمانی ئەم ڕووەکە ئێرانە و لەوێوە بەرەو وڵاتانی سەر کەناری دەریای ناوەڕاست بڵاو بووەتەوە.

پێستی هەنار مادەیەکی تفتی تێدایە (مادەی تانین) بۆ خۆشکردنی پێستە بەکار دێ و بۆ بۆیەکردنی ئاوریشم بە ڕەنگی ڕەش بەکار دێ.

## هەنجیر

سەرباز شوانی - تەقتەق

نیشتمانی هەنجیر وڵاتانی ئێران و سووریا و لبنانە. دارەکەی تەمەندارە و بەرەکەی دەوڵەمەندە بە مادەی کالسیۆم و ئاسن.

بەری هەنجیر لەبەر هەتاو وشک دەکرێتەوە بۆ ئەوەی هەڵبگیرێ و لە وەرزەکانی تردا بەکار بێ، ئێستاش لە وڵاتانی ئاسیا و ئیسپانیا و ماڵتا و فەرەنساوە بۆ وڵاتانی تری جیهان هەناردە دەکرێ.

پێکهاتەی سەرەکیی بەری هەنجیر شەکری دیکستروزە کە نیوەی پێک دێنێ.

کەشی گونجاویش بۆ داری هەنجیر ئەو شوێنانەیە کە زستانیان زۆر سارد نییە و، بە هاوینانیش حەز لە کەشێکی نیوەشێدار دەکا و سەرمای زستان دەبێتە هۆی شەقبردن و تێکچوونی بەرەکەی.



ڕۆشنا کەرکووکی
کەرکووک

# میرنشینی عەرەبیی یەکگرتوو








ناوی وڵات: میرنشینی عەرەبیی یەکگرتوو.

پێگەی جوگرافیایی: ئەم میرنشینە دەکەوێتە دوورگەی عەرەبییەوە لە کیشوەری ئاسیا. سنووری باکوری قەتەرە و سعوودیە دەکەوێتە ڕۆژئاوای، عومانیش سنووری باشووری پێکدێنی و کەنداوی عەرەبی دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی.

ڕووبەر: ٨٣ هەزار و ٦٠٠ کیلۆمەتری دووجا.

ژمارەی دانیشتووان: ٣ ملیۆن و ٣٠٠ هەزار کەس.

چڕیی دانیشتووان: ٣٩,٥ کەس لە کیلۆمەترێکی دووجادا.

پێکهاتەی ئاینی: ١٠٠٪ موسڵمان.

پایتەخت: ئەبو زەبی(٧٩٩ هەزار کەسی تێدا دەژی).

گرینگترین شارەکانی: دوبەی، شاریقە، ڕەئسلخەیمە، عەجمان، ئەملقیوین.

جۆری حوکمڕانی: شاهانە (فیدرالیی یەکگرتنی نێوان ٧ میرنشین).

دراو: درهەمی ئیماراتی.

زمان: عەرەبی.

گرینگترین هەناردەکانی: نەوت، گازی سروشتی، ماسیی وشککراو، خورما.

گرینگترین هاوردەکانی: خۆراک، کەلوپەلی جۆراوجۆر، هۆکارەکانی گواستنەوە.

کات: گرینتچ + ٤.

مێژووی بە ئەندامبوون لە نەتەوە یەکگرتووەکان: ١٩٧١ .

ڕیزبەندەکانی: سێیەمی دنیا لە یەدەکی نەوت.

چوارەم لە یەدەکی گازی سروشتی.

هەشتەم لە بەرهەمهێنانی نەوت.

شازدەیەم لە دەرهێنانی گازی سروشتی.













# تۆپی سەبەتە

وەرزین سەعید – هەولێر



وەرزشێکی دەستەجەمعییە لە نێوان دوو تیپ هەر یەکەیان پێنج یاریزانی هەیە، ململانە دەکەن بۆ تۆمارکردنی زۆرترین خاڵ بەوەی تۆپەکە بخەنە ناو سەبەتەیەک کە ١٠ پێ (٣ مەتر) بەرزە.

لەم یارییەدا، یاریچی لە کاتی بەرەوپێش چووندا تۆپەکە بە زەیدا دەدا یان بۆ هاوڕێکانی دەهاوێ و بەرەو گۆڵەکە دەچن.

یەکەمین یاریگەی تۆپی سەبەتە یاریگەی کۆلیجی سپرینگفیلدە کە لە کۆتاکانی ١٨٩١دا بۆ ئەم یارییە تەرخان کرا. یەکەمین یاریی فەرمیی سەبەتە لە ٢٠ کانوونی دووەمی ١٨٩٢ کراوە. سەرەتا بۆ یاریکرد هەمان ئەو تۆپە بەکار هات کە لە یاریی تۆپی پێی ئەمەریکی بەکار دەهات و لە کۆتاکانی ١٩٥٠کاندا ئەم تۆپەی ئێستا داهێنرا.

لە ساڵی ١٩٣٢ یەکێتیی نێودەوڵەتیی تۆپی سەبەتە دامەزرا. کە هەشت وڵات تیایدا ئەندام بوون: ئەرجەنتین، چیکۆسلۆڤاکیا، یۆنان، ئیتالیا، لاتڤیا، پۆرتوگال، ڕۆمانیا و سویسرا.

یارییەکە لە ئۆلۆمپیادی ١٩٣٦ لە بەرلین بۆ یەکەم جار بەشداری ئۆلۆمپیاد کرا لەسەر ئاستی پیاوان. لە ساڵی ١٩٥٠ یەکەمین پاڵەوانێتیی دنیایی تۆپی سەبەتە لە ئەرجەنتین بەڕێوە چوو.

یاریی تۆپی سەبەتە بە چوار گێم (چارەک) دەکرێ، ماوەی هەر یەکێکیان ١٠ خولەکە.

ڕووبەری یاریگەی نێودەوڵەتیی تۆپی سەبەتە ٢٨ بە ١٥ مەترە و، لە یارییەکانی خولی ئەمەریکا ٢٩ بە ١٥ مەترە.

یاریزانەکان بریتین لە: هێرشبەری پشتەوە، بەرگریکاری تۆپهاوێژ، هێرشبەرێکی وردیلە، هێرشبەرێکی بەهێز، لەگەڵ یاریکەرێکی ناوەڕاست.

# یانەی زەورا

هیوا ڕەحمان – داقووق

لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٧ ژمارەیەک کرێکاری هێڵی ئاسنین لە بەغدا داوای دامەزراندنی یانەیەکی وەرزشییان بۆ خۆیان کرد. لە کۆتای ئەو ساڵەدا ڕەزامەندی لەسەر داواکەیان هاتەوە و یانەکەیان لە شوێنی ئێستای هۆتێل ڕەشید لە بەغدا دامەزراند. لە ساڵی ١٩٧٤ ناوی یانەکە لە یانەی (سکەک) گۆڕا بە یانەی (نەقل = گواستنەوە) و دواتر بە (زەورا) و ساڵی ١٩٧٥ بەشداریی لە خولی پلە یەکی عێراق کرد.

ئارمی یانەکە بریتییە لە ئەسپی باڵداری ئاشووری کە ڕەنگەکەی شینە.

بەرگی سەرەکیی یاریزانەکانی سپییە و بۆیە بە (نەوارس) ناسراون. هەروەها نازناوی قوتابخانەی تۆپێنی عێراق و، یانەی وەستاکان و، تیپی فریشتە سپییەکانیشی هەیە.

گۆڕەپانی یانەکە لە ناوچەی عتێفییەی بەغدایە و ٢٠ هەزار تەماشاکار دەگرێ و دووەم گەورەترین یاریگەی بەغدایە دوای یاریگەی (شەعب).

یانەی زەورا ١٢ جار پاڵەوانی خولی نایابی عێراق بووە و، ١٤ جار جامی عێراقی بەدەست هێناوە و، دوو جار جانی بژاردەی بردووەتەوە. لە دەرەوەش ساڵی ١٩٨٩ و ١٩٩٠ جامی یانەکانی ئەنجوومەنی هاوکاریی کەنداوی وەرگرتووە و ساڵی ١٩٩٦ چوارەمی خولی پاڵەوانانی ئاسیا بووە و ساڵ ٢٠٠٠ دووەمی ئەم پاڵەوانێتییە بووە. ٣ جاریش جامی سووپەری عێراقی بردووەتەوە.

یانەکە تا ئێستا ١٤ سەرۆکی هەبووە، یەکەمیان ئیسماعیل عەبدولڕەزاق حەدیسی بووە و، دواینیان فەلاح حەسەنە.

# ڕووبەڕوو لەگەڵ قوتابییە یەکەمەکانی کەرکووک

ڕیپۆرتاج: شارا ئاراس

بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی کوردیی کەرکووک لە ئاهەنگێکی خنجیلانەی هۆڵی نەورۆزدا، قوتابییە یەکەمەکانی هەرسێ قۆناخی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییی قوتابخانە کوردییەکانی خەڵات کرد و سوپاسنامەی پێشکێش ئەو قوتابخانانە کرد کە ڕێژەی دەرچوونیان ١٠٠٪ بووە.

«حاجیلە» بەشداریی لەو ئاهەنگەدا کرد و ئەم ڕیپۆرتاجەی بۆ ئێوەی بەڕێز ئامادە کرد، بە هیوای ئەوەی لە ساڵی داهاتوودا چاویان لێ بکەن و هەوڵی زیاتر بدەن، تا ئێوەش ئەو خەڵاتانەتان بەرکەوێ و دڵی دایک و باوک  مامۆستاکانیشتان شاد بکەن.



جەبـار عەبدوڵــڵا سـاڵح بەڕێوەبەری ئامادەیی کوردســتانی کــوڕان یەکێک بوو لەو بەڕێوەبەرانەی کە بەشــداریی لــە ئاهەنگەکــەدا کردبوو، ســەبارەت بــە هۆکارەکانــی ئاســت بەرزیی ئەم قوتابییانــە گوتــی: هــۆکاری پلە یەکی ئەم ئەنجامە دڵخۆشــکەرانە قوتابییەکە خۆیەتی، و گوێڕایەڵــی دایک و باوک و مامۆستاکانی دەبێ و کتێبەکانی دەکاتە باشــترین هاوڕێ. بە پلە دووش خێزان و مامۆســتا و ئیدارەی قوتابخانەکان و ئەو کەســانەدێن کە پاڵپشتی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنەوەن.

هەروەها گوتی: ســەربەرزم بەوەی کە قوتابییەکی ئامادەییەکەم یەکەمی سەر ئاســتی کەرکووکە لە بەشی زانستی و ناوی کوردستانی لەنێوان قوتابخانەکانی تری کەرکووکدا بەرزکردەوە.



**(شـێنێ ئـازاد عەبدولڕەحمان)** لــە دواناوەندیی هەورامانــی کچــان، کــۆی نمرەکانی ٧٨١ و تێکــڕا ٩٧,٦٢٪ی بەدەســت هێنــاوە و یەکەمــی ســەر ئاســتی کەرکووکە لەخوێندنی کوردیدا. لــە تاقیکردنەوەکانی نیوەی ساڵیشــدا یەکەمــی قوتابخانەکــەی بووە. شــێنێ دەیگوت: لــە ڕۆژانی ئاســاییدا ڕۆژانە ٥-٦ سەعات دەمخوێند، بەڵام لە ڕۆژانی تاقیکردنەوەکاندا زیاتــر و هەندێ ڕۆژ دەگەیشتە ٧ سەعات.

شــێنێ لە پشــووی هاویندا هاوکاریی هاوڕێکانــی دەکــرد و بەبــێ بەرانبەر وانەی تایبەتی لە بیــرکاری و عەرەبیی پێدەگوتنەوە.

حەزی لە بەشــی زانســتییە، لە بیکاری ١٠٠٪ی هێناوە، هیوادارە ببێ بە پزیشک.





**( ڕێژنە یوسف ڕۆستەم )** لە ناوەندیی خانزادی کچان، کۆی نمرەکانی ٧٦٨ و تێکڕا ٩٦٪ی بەدەست هێناوە. دووەم دووبارەی سەر ئاستی کەرکووکە. لە تاقیکردنەوەکانی نیوەی ساڵدا یەکەمی سەر قوتابخانەکەی بووە.

ڕێژنە دەڵێ: بەرنامەم بۆ خوێندنی ڕۆژانەم دانابوو. ڕۆژانە لە ٤ ســەعات کەمتر نەمدەخوێند، پێش هەموو شــتێ بابەتی تاقیکردنەوەکەم دەخوێند، ئینجا ئەو بابەتانەی بۆ ئەزبەرکردن بوون، پاشان دەهاتمە سەر شیکار و نووسینەوەی ئەرکەکانی ماڵەوە.

ئەم هاوڕێیەمان حەزی لە بابەتی زیندەوەرزانییە و لە ئامادەیی دەچێتە بەشی زانستی، چونکە حەزی لە ئەزبەرکردن نییە، هیوادارە ببێ بە پزیشک.



**( دیاری ئازاد نووری )** لە دواناوەندیی هەورامانی کچان، کۆی نمرەکانی ٧٦٨و تێکڕا ٩٦٪ی بەدەســت هێناوە. دووەم دووبارەی سەر ئاستی کەرکووکە. لە تاقیکردنەوەکانی نیوەی ساڵدا یەکەمی پۆلەکەی بووە.

دیاری گوتی: لە کاتی دەوامدا، ڕۆژانە دوای خۆگۆڕین و نانخوارد ٢ سەعات پشــووم بەخۆم دەدا، ئینجا دەســتم بە خوێندنێکی بەردەوام دەرکرد، کە لە خوێندن دەبوومەوە دەهاتمە ســەر نووســینەوەی ئەرکی ماڵەوە و شــیکار کردنی پرسیارەکان. تێکڕا ڕۆژانە ٤-٥ سەعات دەمخوێند.

ئەم هاوڕێیەمان بە هیوای کۆلێجی دەرمانســازی یــان ئەندازیاری دەچێتە بەشی زانستی.

«حاجیلە» هیوای سەرکەوتن بۆ ئەم هاوڕێیانە و سەرجەم هاوڕێیانی دەخوازێ و هیوادارە نموونەی ئەم یەکەمانە زۆر بێ و ببنە پێشەنگی هاوڕێیانی ترمان.

## داهێنەرەکان

پشتیوان ئەحمەد - تەکیە

- ڕوتلگن خەڵکی ئەڵمانیا تیشکی ئێسکی داهێنا.
- ڕیتی خەڵکی ئەمەریکا ترازووی داهێنا
- لردو ترود خەڵکی ئینگلتەرە ئەتۆمی داهێنا.
- (سونیتۆن)ی ئینگلیزی تانکی داهێنا.
- (کۆتەنبێرگ)ی ئەڵمانی ئامێری چاپی داهێنا.
- گالیلۆی ئیتالی گەرمپێوی داهێنا
- مارکۆنی ئیتاڵیایی تەلەگرافی داهێنا.

# قەڵەمە ناسکەکان



## ماسی

ئاکار بەختیار
شەشەمی بنەڕەتی-هەولێر

ئەی ماسیی ئازا و چالاک
پەروەردەی ناو ئاوی پاک
دنیای تۆ ڕەنگاورەنگە
گەرچی مات و بێ دەنگە
ئازادیت پڕ بەهایە
ژیانت لەناو ئاودایە
ئێمەی منالیش وەک تۆ
بۆ سروشت هاتووینە گۆ
چاوی لێ ناترووکێنین
گوڵی هیوا ئەڕووێنین



## شێر و کەروێشک

هیوا عوف-کەرکووک

ڕۆژێکیان شێرێک و کەروێشکێک دەبن، شێرەکە زۆر حەزی دەکرد کەروێشکەکە بخوات، ڕۆژێک هاورێکانی کەروێشــکەکە پێیان گوت: شــێرێک دەیەوێت بتخوات. کەروێشــکەکە هەموو ڕۆژێک بیری دەکــردەوە چی بــکات، تاوەکــو ڕۆژێک پیلانێکــی بۆ دۆزییەوە بــە هاورێکانی گوت: من دەتوانم ئەو شێرە لەناو بەرم، کەروێشکە وریاکە ڕۆیشت بۆ لای شێرەکە و پێی گوت: من ئەوەتام وەرە بزانە دەتوانی بمگری. شــێرەکەش تووڕە بوو و دوای کەوت، کەروێشــکەکە گەیشــتە لای دارێک و بازی دا شــێرەکەش نەیتوانی بوەستێ خۆی کێشــا بە دارەکەیا و مرد، ئیتر لەو ڕۆژەوە کەروێشکەکە بە خۆشی ژیانی بردە سەر.



## پشیلە

ئیمان ستار/کەرکووک

پشە پشە جوانەکەم
میوانی ناو دڵەکەم
خۆشەویستی ناو ماڵم
بە تووە جوانە ماڵم
دەوەرە دەی بم لاوێنە
نەختێکیش بۆم بمیاوێنە
من ئازاری تۆ نادەم
قەت لەخۆم دوورت ناکەم



## دوو هاورێی بچکۆلە

سارا فەرەیدون - پۆلی شەش-
تەمەن ١٢ ساڵ

ڕۆژێکیــان دوو هاورێــی قنجیلانــە دەبن یەکێکیــان ناوی ڕۆژ و ئــەوی تریان ناوی ئەلەنــدە ئــەم دوو هاورێیــە زۆربەی کات پێکەوە یاری دەکەن و نان دەخۆن و پێکەوە دەچن بۆ باخچە. ڕۆژێکیان ئەلەند لە ماڵەوە دەســتی دەکەوێتــە ناو مەرگەوە دەســتی دەســووتێ و دەیبــەن بۆ پزیشــک، ڕۆژی هاورێی دەیبیســتێ بەم کارە دڵگران دەبێت و لەگەڵ دایک و باوکی دەچن بۆ ســەردانی، ئەلەنــد زۆری پــێ خۆش دەبێت و ڕۆژی هاورێــی پــێ دەڵێت ئەلەند گیــان جارێکی تر کە نانت خوارد چاوەرێ کە هەتا ســارد دەبێتەوە ئینجا بیخۆ.



## ڕێکان و مەلەوانی

سنوور جبرائیل ١٢ ساڵ

کورێــک هەبــوو ناوی ڕێــکان بــوو، ماڵیان لە گوندێکــی زۆر خۆش بــوو، هەرچەندە دایک و باوکی ڕێکان ئامۆژگاریی دەکەن کەوا مەلەوانی نــەکات، لەبــەر ئــەوەی تەمەنــی بچووکە و لە ئاوەکەدا دەخنکێت، بەڵام ڕێکان هەر بە قســەی دایک و باوکی نەدەکرد.

ڕۆژێک بەبێ ئاگەدارکردنەوەی ئەوان ڕۆیشت بۆ نــاو ئاوەکــە مەلەوانی بــکات، خەریک بوو بخنکێــت هاواری دەکــرد فریــام کەون...فریام کــەون، لەو کاتەدا مەلەوانێــک لەوێدا تێدەپەڕی بینیی کە ڕێکان هــاوار دەکات خێرا خۆی کردە نــاو ئاوەکــەوە و ڕزگاری کرد، پاشــان لەگەڵ ڕێکاندا بەرەو ماڵ ڕۆیشتن.

کاتێک ڕێکان لەگەڵ کابرای مەلەوانی گەیشــتە ماڵ دایکــی ڕێکان لــە ڕێکانی پرســی لە کوێ بوویت؟ کابــرا ڕووداوەکەی بــۆ دایکی ڕێکان گێڕایەوە. ڕێکان زۆر شــەرمەزار بوو، بەڵێنی دا چیتر کاری وا دووبارە نەکاتەوە.

# تەندروستی





## چۆن چارەسەری کەسی گەرمابردە دەکەی

سیروان مستەفا – هەولێر

سـەرەتا پێویسـتە بزانـی نیشـانەکانی گەرمابردەیی چین، پلـەی گەرمیی لەش بە ڕادەیەکی زۆر بەرز دەبێتەوە و پێست گەرم و وشـک دەبێ و، لێدانی دڵ زۆر خێرا دەبێ و، جـاری وا هەیە ئەو کەسـەی هەتاو زۆر لێی دەدا بێهۆش دەبێ.

چارەسەر:یەکسەر پێوەندی بەئەمبولانسەوە بکە و، جلوبەرگی ئەو کەسـە کەم بکەوە و، لەسەر پشـت درێژی بکە و، پارچە پەڕۆی تەڕ بخە سەر ناوچاوان و قوڵ و پێی تا ئەو کاتەی پلەی گەرمیی لەشـی دادەبەزێ و، تا دەکرێ شلەی دەرخوارد بدە.

## چەند ئامۆژگارییەک بۆ پاراستنی تەندروستی

زانیار شەفیق – دووزخورماتوو

لە زەهرە سـپییەکان بەدوور بە: خوێ و شەکر و ئاردی سـپی بە زەهرە سپییەکان ناسراون و پێویستە تا دەکرێ خوێ کەم بخۆیت و لە جیاتی شەکر هەنگوین و شیرینیی سروشتی بەکار بێنە و ئاردی بۆر بۆ نان بەکار بێنە.

سـەوزی باش بجوو پێش قووتدانی: زۆر جاوینی خواردن ڕێژەی مادەی دژە شـێرپەنجە لە سـەوزیدا زیاد دەکا بەتایبەت لە برۆکۆلی و کەلەم و قەرنابیت.

پیاسـەکردن: ڕۆژانە نیو سەعات یان سەعاتێ پیاسەکردن ڕێژەی تووشبون بە شێرپەنجە کەم دەکاتەوە و سالانە ٣ کیلۆ کێش کەم دەکاتەوە و لەش ڕێک دەکا.

لە کاتی کارکردندا پەلە مەکە: هەڵەشەیی و پەلەکردن لە کاری ڕۆژانەدا ڕەنگە تووشی بەرزبوونەوەی پاڵەپەستۆی خوێنت بکا بۆیە لێیان دوور بکەرەوە.

خواردنی سەوزی و میوە: ئەگەر بتوانی ڕۆژانە سێ جار سەوزی و میوە بخۆ چەنکە بەم کارە ئەگەری تووشبوون بە وەستانی دڵ بە ڕێژەی ٧٠٪ کەم دەکەیتەوە.



# پشووی حاجیلە

کوردستان محەمەد – ئازادی

## هە لیبێنە

– ئەگرمێنێ وەکو هەور، فرێ دەدا سپی چەور.

– بە دوانزە برا سێ دڵیان هەیە

– بەکاری بێنیت دەگری

– بابی پولێکە پڕ بە ژوورێکە

– بشمریت لێت نابێتەوە

## ئایا دەزانی؟

– ئەرجەنتین بەواتە شاری زیو.

– مانگ نزیکترین ئەستێرەیە لە زەوییەوە.

– نیل درێژترین ڕووبارە لە جیهاندا.

– چین زۆرترین بەرهەمی چای بەرهەم دێنێت.

– وشەی عێراق واتە ڕۆخی ئاو.

– ڕۆژهەڵاتی کوردستان چوار پارێزگایە.

## پەندی پێشینان

بەم وشەگەلە ئەم پەندانەی خوارەوە تەواو بکە

**ڕەش، نوێ، گڵ، چاوان، ئاڵتوون**

– ........ مەیل بڕە.

– گوترەی........ ئاوی ساردە.

– ماڵی سپی بۆ ڕۆژی.........

– هەزار بمری لە باوان کلی نابڕێ لە........

– هەموو زەردێک........ نییە.



## وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە

ئومێد شوان – سەرچنار

– پێست لە چ شوێنێکی جەستەدا هەستەوەریی زۆرە.

ڕوومەت، لێو، کەپوو

– چیای شیرین کەوتووەتە چ شوێنێکی کوردستانەوە.

باکوری کوردستان، باشووری کوردستان، خۆرئاوای کوردستان

– دووەمین وڵات لە ڕووبەردا چ وڵاتێکە.

ڕووسیا، کەنەدا، هندستان

– شاری ڕەش لە کوێیە

ئێران، سەنگافوورە، فلیپین

– درێژیی ڕیخۆڵە باریکە لە مرۆڤدا چەند مەترە.

شەش، حەوت، هەشت

## بمڕەنگێنە

نەجات شوانی – کەرکووک



## ڕامان

سەربەست سەلیم – خورماتو




ژمارەی نادیار لەم شێوەیەی خوارەوە چەندە



## قۆناخ بە قۆناخ وێنە بکێشە

نەجات عەبدوڵڵا – کەرکووک




## چاوتیژی

شیلان بەکر – ڕەحیماوە



جوان لەم وێنەیە وردبەرەوە و بزانە وێنەی کەللە سەری مرۆڤێکە، یاخود وێنەی وێنەکێشێکە و وێنەیەک لەسەر دیوارەکە دەکێشێ، یان بۆیاخچییەکە و دیوارەکە بەبۆیەی ڕەش بۆیاخ دەکات.

## بیربکەوە

سەرخێڵ چیمەنی

فرندەیەکە و تۆو گوڵ و خونچە و میوە پاشماوە دەخوات، بەکۆمەڵ دەژین، درێژیی ١٢ بۆ ١٨ سانتیمەترە و کێشی ٢٠ بۆ ٤٠ گرام دەبێت، سێ تا حەوت هێلکە دەکات. کاتی هەڵهێنانی لە نیوەی بەهارەوە دەست پێدەکات بۆ کۆتایی هاوین ماوەی هەڵهاتنی ١١ بۆ ١٤ ڕۆژە جریوە جریو دەکات.

چ ........ و........ د........ پێ دەڵێن.

## وشەی نەگونجاو

مازن قادر – کفری

کام لەم وشانە لەگەڵ وشەکانی تری هەمان ڕیزدا ناگونجێ و بۆچی؟

– چەقەڵ، کەمتیار، گورگ، مەیموون، سەگ
– سوێسکە، کەو، ڕیشۆڵە، پەرەسێلکە، چۆلەکە
– کەڵەباب، مریشک، عەلەشیش، حاجی لەقلەق، سۆنە
– گەدە، گورچیلە، سپڵ، ددان، لووت
– مۆز، پرتەقاڵ، هەنار، سێو، هەرمێ
– لیبیا، سووریا، عێراق، ئێران، سعوودیە

## ڕێکخستن



محەمەد ڕەفیق

ئەم وشانە ڕێکبخە میوەیەکی خۆشت بۆ دەردەچێ

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ھـ | ج | ە | ن | ر | ی |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | = | 3 | + | 1 |
| | = | 1 | - | 6 |
| | = | 7 | + | 3 |
| | = | 5 | - | 9 |
| | = | 7 | + | 5 |
| | = | 2 | + | 1 |

## شیکاری

تانیا وەلی – چەمچەماڵ

باڵندەیەکی تیژ ڕەوە دوای شیکارکردنی ئەم فۆرمە لات ئاشکرا دەبێت .

| | | |
|---|---|---|
| 10 | = | یٚ |
| 12 | = | ك |
| 3 | = | ە |
| 4 | = | س |

## بەرسڤی لەز

سەرچڵ عەلی-سەنگەسەر

– بێجگە لە سنە و کرماشان دوو شاری تری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بنووسە
١-................ ٢-................

– بێجگە لە ڕۆژنامەی خەبات و هەولێر دوو ڕۆژنامەی تر بنووسە کە لە هەولێری پایتەخت دەردەچن
١-.............. ٢-...................

– بێجگە لە سەرچنار و ئەحمەد ئاوا دوو هاوینە هەواری تر بنووسە کە سەر بە پارێزگای سلێمانی بن ١-............ ٢-...............

– بێجگە لە نێچیرڤان بارزانی و د.بەرهەم ساڵح دوو سەرۆک وەزیرانی تر بنووسە لە هەرێمی کوردستان حوکمڕانییان کردبێت ١................ ٢-.............

– بێجگە لە عەبدولڕەحمان عارف و ئەحمەد حەسەن بەکر دوو حوکمڕانی تری عێراق بنووسە کە (ستەمکار بووبێتن) ١-............ ٢-.................

## پیرۆزە

مێروولەکەی ژمارە (١٣)ی حاجیلە ، قوتابییەکی شاری هەولێر دۆزییەوە ، لەبەر ئەوەی کە ( **شازیر نادر ئاغا** ) تەنها یەک ڕکەبەری هەبوو کە ئەویش براکەی بوو ، لە ئەنجامی تیروپشک هەر بۆ خۆی مایەوە و پیرۆزبایی و دەستخۆشی لێ دەکەین .






## شرۆڤە

ژوان ئەنوەر – ئەڵڵایی

**خۆشکمە لەدایکمە،**
**ئامۆزامە، ژن برامە**

نەجات عەبدوڵڵا – کەرکووک

## وەڵامی ژمارەی پێشوو

ل٣ — **مەتەڵ** : مێش.

ل٣٠ — **ڕامان** : ٦

ل٣١ — **من چیم** : ماست

ل٣٢ — **ڕێکخستن** : لیبیا .

ل٣٣ — **شرۆڤە** :گوێچکە .

ل٣٤ — **گەیاندن** : جان دارک
**شقارتە** :تەڵێک لە ٩ دەخەینە سەر ٥ دەکە .

ل٣٦ — **وشەی بزر** : کاوە

خاوەنی ئیمتیاز
**بەدران ئەحمەد حەبیب**
سەرپەرشتیار
**عوف عبدالرحمن**
سەرنووسیار
**حەمە سەعید زەنگنە**
٠٧٧٠١٣١٠٥٤٢
hamatal_ z@yahoo.com
جێگری سەرنووسیار
**ئەبەز ڕۆستەم**
بەڕێوەبەری هونەری و نەخشەسازی
**پەروەر**
تایپ
**دلێر ڕەفیق**
ناونیشان
کەرکووک – شەقامی کۆماری
تەلاری صیدلی فخری

## گەیاندن

ئـەم هێڵانـە بەیەک بگەیەنـە نـاوی گیانداریێکت لا ئاشکرا دەبێـت حـەوت مانگان دەنوێ..

پەری سالار – داقووق




**١٠ جیاوازی لە نێو ئەم دوو وێنەیەدا هەیە . . . . . دەتوانیت دەستنیشانیان بکەیت ؟**

پروشە جەبار – سلێمانی



## یاریی شقارتە

جێگۆڕکێ بەیەک تەڵە شقارتە بکە تا ئەنجامی هاوکێشـەکە بکاتە **شانزە** .

40+32=16

ڕۆژ دلێر – ئازادی



## جێگۆڕکێ

جێگۆڕکـێ بـە دوو ژمـارە بکە تا بە سـتوونی و ئاسـۆیی کۆی ڕیزەکان بکاتە ٢١

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 4 | 6 | 2 | 5 | 3 |
| 3 | 2 | 5 | 1 | 6 | 4 |
| 6 | 1 | 4 | 5 | 3 | 2 |
| 2 | 5 | 3 | 4 | 1 | 6 |
| 4 | 3 | 1 | 6 | 2 | 5 |
| 5 | 6 | 2 | 3 | 4 | 1 |

هیوا حەسەن – ئازادی

## دووبارە

چەند جار ئەم فۆرمانە دووبارە بوونەتەوە .







دلێر – چەمچەماڵ

## نیشانەی هەڵە ( ) یان ڕاست ( ) لەم ڕستانەی خوارەوە بدە

شەم شاکر – عەربەت

– یاریزانانی تۆپی باڵە لە شەش کەس پێکدێت.
– ئیتالیا شەش جار گەیشتووەتە یاریی کۆتایی مۆندیال.
– وڵاتی مەکسیک بۆ یەکەمین جار یاریی باڵەی داهێنا.
– ژمارەی دادوەرانی تۆپی باسکە سێن.
– یەکەمین پێشبڕکێی ماتۆڕ لە ئینگلتەرا ساز کرا.
– مەلیک لە شەترەنجدا بە هەموو لایەکدا یەک خانە دەبزوێ.
– بەرازیل مۆندیالی ١٩٩٤ی بردەوە.
– درێژیی مێزی بلیارد سێ مەترە.
– ماوەی یاریی تایکواندۆ نۆ خولەکە.
– ژمارەی یاریزانانی تۆپی باسکە حەوت کەسن.

## سێبەر

دیاریی – کەرکووک

سێبەری ئەم سەرگەڕە ونبووە ، دەتوانیت بیدۆزیتەوە ؟





## وشەی بزر

داستان - کەرکووک



پاش ئەوەی کورد ییە کا ن ناوی مانگە ڕەش دەکەیتەوە ، نێوی مانگیکت بۆ دەمێنێتەوە کە لە پێنج پیتان پێکهاتووە

١- نەورۆز
٢- جۆزەردان
٣- پووشپەڕ
٤- خەرمانان
٥- گەلاوێژ
٦- ڕەزبەر
٧- گەڵارێزان
٨- سەرماوەز
٩- بەفرانبار
١٠- ڕێبەندان
١١- ڕەشەمێ

## کوێرکردنەوە

پاش ئەوەی نێوی ئەم کچانەی لای خوارەوە کوێر دەکەیتەوە (چنار، چنور، چۆمان، دڵنیا، داستان، ڤانیار) ناوێکت بۆ دەمێنێتەوە لە شەش پیتان پێکهاتووە بە مانای میهرەبان دێت.

| | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ا | ا | ن | ڤ | د | ن | ی | ا | ر | ا | ن | چ |
| ا | ت | س | ل | د | ن | و | ڤ | ر | ا | ن | چ |
| ا | ی | ن | ل | د | م | ۆ | و | ر | ا | ن | چ |

شاتوو خەسرەو

## هونەری دەست

شەماڵ شوکور - کەرکووک



# خەڵات

دوا دەلیقە ١٠/٢٥

وشەی پڕاوکە یا مارکە بەچی دەڵێن؟



## گوتەی نێوداران

تریَ عەباس - سەنگاو



| | |
|---|---|
| ڕاستی پتەوە چون ئەڵماس و ناسکە وەک گوڵ | غاندی |
| ڕووبار هەمیشە سەرچاوەکەی پاکترە | باسکال |
| ئێمە کە لە ژیان نەگەین چۆن لە مردن دەگەین | ڕۆلان |
| ئافرەت لای من ئاوێتەیەکە لە دیمەن و ڕەنگ | بیکاسۆ |
| لە دوای خۆشەویستییەوە هیچ نییە تەنیا ئازار نەبێ | بەرنادشۆ |

## سودوکو

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 2 | | | 5 | | |
| | | | 4 | | |
| 1 | 3 | | | | 5 |
| 5 | | | | 4 | 3 |
| | | 5 | | | |
| | | 6 | | | 2 |

هیوا عەلی - چەمچەماڵ

تۆڕی سۆدۆکۆ پێکهاتووە لە ٣٦ چوارگۆشەی بچووک و ٦ لاکێشەی گەورە. ئەوەی پێویستە لێرە لەسەر تۆ چوارگۆشەکان بەژمارە ( ١-٦ ) پڕبکەیتەوە بەمەرجێک هیچ ژمارەیەک لە ڕیزی ئاسۆیی و ستوونیی لاکێشەکاندا دووبارە نەبێتەوە.

## زانیارییەکانت زیاد بکە

شلێر فەتاح - چوارقورنە

- بێبەشی شاعیر و مەحمود زامدار بران.
- نالـی ناوی خدرە و لە گوندی خاکوخۆڵ لەدایک بووە.
- گۆڤاری ڕۆژ لە ستۆکهۆڵم دەرچووە.
- مراوی بە ٣٦ ڕۆژ هێلکە هەڵدێنێ.
- خەیار یەکەم جار لە هیندستانەوە بڵاو بووەوە.
- قەوزەکان ڕووەکی یەک خانەیین.
- مێینەی فیل ماوەی سکەکەی ٦٤٥ ڕۆژە.
- بەتەمەنترین درەخت سنەوبەرە.

# بیرکاری

سامان تاهیر – بەکرەجۆ

شێرکۆ و ئەژین و هاورێ سێ قوتابیی پۆلێکن. ئەگەر ماڵی شـێرکۆ ٤٠٠مەتر لە ماڵی ئەژینـەوە دوور بێت و ماڵی ئەژینیش ٣٠٠مەتر لـە ماڵی هاورێوە دوور بێت و هەڵکەوتەی ماڵەکانیان لەسـەر شـێوەی سێگۆشەیەکی گۆشە وەستاودا بێت، ئایا دووریی نێوان ماڵی شێرکۆ و هاورێ چەندە؟

# ماتماتیک

ژیر ئەورەحمان – چەمچەماڵ

چەند منداڵێک بە یەک ریز بە دوای یەکتردا دەڕۆن، یەکێک لەو منداڵانە منداڵەکانـی پێش خۆی دەژمێـرێ و بۆی دەردەکـەوێ چوار منداڵی لە پێشـن. کە ئاور دەداتە دواوە و منداڵەکانـی دوای خۆی دەژمێرێ، بۆی دەردەکەوێ چوار منداڵیش لە دوایەوە هەن، ئایا ژمارەی گشت منداڵەکان لە ڕیزەکەدا چەندە.

# وێنەی لەتکراو

دلێر کەرکووکی - کەرکووک





# وێنەکە تەواو بکە

نەجات عەبدوڵڵا – کەرکووک



# وشەی یەکتربڕ - ٣ -

ئامادەکردنی: ئارا ئاری

| 10 | 9 | 8 | 7 | 6 | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | | | 1 |
| | | | | | | | | | | 2 |
| | | | | | | | | | | 3 |
| | | | | | | | | | | 4 |
| | | | | | | | | | | 5 |
| | | | | | | | | | | 6 |
| | | | | | | | | | | 7 |
| | | | | | | | | | | 8 |
| | | | | | | | | | | 9 |



**ستوونی**

١ـ لە قوتابخانە فێری شتمان دەکات(پ).
٢ـ ژمارەیەکە ـ بەڵێ بە ئینگلیزی.
٣ـ ئافرەت ـ (شار)ـی ناو قەد براو (پ) ـ بەشێکی لەشی مرۆڤە.
٤ ـ پیتێکە ـ ناوێکی کوڕانەیە(پ) ـ وەکوو یەکە.
٥ـ رمیا ـ خودا بە عەرەبی.
٦ـ ڕەنگی ڕەش بە هەورامی.
٧ـ پێچەوانەی ناشیرین (پ).
٨ـ هاوڕێ(پ).
٩ـ پیتێکە + وەکوو یەکە.
١٠ـ زۆرتر.

**ئاسۆیی**

١ـ ئەوەی لەسـەر شاشـەی تەلەڤزیۆن هەواڵ دەخوێنێتەوە. ٢ـ لە قوتابخانە دەی خوێنین(پ). ٣ـ نیوەی کاوە (پ) ـ تۆ بە ئینگلیزی. ٤ـ (خۆر)ـی ناوقەد براو (پ). ٥ـ ناوی ڕووبارێکی کوردستانە ـ ساڵی ڕابردوو(پ).
٦ـ پێچەوانەی ڕۆژ(پ) ـ نیوەی نەوت. ٧ـ کانزایەکە ـ خواردنێکە لە گەنم دروست دەکرێت.
٨ـ شارێکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە. ٩ـ یارییەکی منداڵانەی کچانەیە.

***تێبینی :*** حەوتی سەروژێری وشەکان لە نووسیندا گرفت نییە. ـ (پ) پێچەوانە. ـ (ت) تێکەڵاو.

# دەست ڕەنگینی

لەرین شەماڵ – سلێمانی

## پەپوولەی ڕەنگاوڕەنگ

### هەنگاوی کار



کاغـەزەکان لەسـەر یـەک دابنێ و بیخەرە نێو جلگرەکە



جـوان بە کەتیر کاغـەز و جلگرەکە بنووسێنە بەیەکەوە





### چیت پێویستە ؟

جلگرە
کاغەزی تریش
کەتیرە
خوری چنین